## واتای وشەکان:

| | | |
|---|---|---|
| تکانی | : | ئاوی لێ هاتە خوارەوە |
| ئابڕو | : | حەیا |
| چەمەن | : | باخچە |
| ئابدار | : | ئاوی پێوەبێت، ئاودار |
| شکانی | : | نرخی کەم کردەوە |
| نەستەرەن | : | گوڵێکی بۆن خۆشە، ڕەنگی سوورە یا سپییە. |
| مشکبار | : | بۆنی مسکی لێ بێت. |
| تابدار | : | هەتاو، هەتاڤ |
| خومار | : | نازو عیشوە |
| ڕەقیب | : | ناحەز، دوژمن |
| ویقار | : | گەورەیی |
| ئەنیسی | : | هۆگری |
| ئاسك | : | مامز |
| لەولا نەبێ (١) | : | لەلای ڕەقیب نەبێ |
| لەولا نەبێ (٢) | : | لە هێلانەکەی خۆی بێ کەماڵەکەیەتی. |
| یەکتا نەبێ: (١) | : | بێ هاوتا، نەبێ |
| یەك تانەبێ (٢) | : | تانەیەکی بەسەرەوە بێ |
| دێ وانەبێ (١) | : | دێ وەها نەبێ |
| دێوانەبێ (٢) | : | شێت بێ |
| بێ گانەبێ (١) | : | بێ گای جووت نەبێ |

بێگانەبێ (٢) : لاییدەبێ. خەڵکی دەرەوەی ناوچەکە بێ. بیانی بێت

یاخوا نەبێ (١) : یاخوا ئەو کەسە هەر نەبێ.

یاخوا نەبێ (٢) : مەبەست پێی (خوانە) شێت بێ. کە کابرایەکی شێت بووە.

پەروا نەبێ (١) : بێ پەروا، بێ ترس

پەروا نەبێ (٢) : با ببێ بە پەروانە

**تێبینی:**

**١. بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.**

أ- **مێژووی ئەدەبی کوردی**: مامۆستا عەلائەدین سوجادی.

ب- **دیوانی زێوەر**: کتێبخانەی زێوەر محەمەد عارف.

ژێــدەر:


١. گۆڤارا (هاوار) هژمارا (٥٠)یێ سالا ١٩٤٢.

٢. هۆزانڤانێن کورد- سادق بەهائەدین- چاپا ئێکێ- بەغدا- ١٩٨٠.


## لێکدانەوەی پەیڤەکان

| | |
|---|---|
| مشەخت بوویە | : دەربەدەر بووە |
| ئاکنجی بوون | : نیشتەجێ بوون |
| ئۆل | : ئایین، مەزهەب |
| جهواربوو | : ئاکنجی بوو، نیشتەجێ بوو |
| ب سەرێکڤە ئینایە | : دروست کردووە |
| دەستپێك | : سەرەتایی |
| ل جەم | : لەکن |
| ژێ | : تەمەن |
| ڤەهاندن | : هۆنینەوە |
| لێ | : بەڵام |
| قرکرن | : لەناوبردن، نەهێلان |
| بۆ وە | : بۆ ئێوە |
| زیقەت | : تەنگانە |
| خشیانە سەر | : بەسەری داهات، کەوتە سەری |
| بزاڤ | : خەبات |

شاكاری گەلو نەتەوەی كوردە، ئەو ڕێكی خستوون، لەساڵی ١٩٧١دا هەمان كتێبی لە چاپ داوەتەوە ژمارەی پەندەكانی پتر كردووەو گەیاندوویەتی بە (٣٨٩٣) پەند، لەساڵی (٢٠٠٠) زایینی دیسان ئەم بەرهەمە بە چاپێكی جوانترو قەشەنگتر لەشاری سلێمانی چاپ كراوەتەوە، واتە جاری سێیەمی كە ئەم بەرهەمەش وەكو خۆی گەنجینەیەكی پڕ لە گەوهەرە تا ئێستا بە پوخت ترین كارێكی كۆكردنەوەی (پەندی پێشینان) دادەنرێت كە لە كوردستان كرابێتو زۆرترین ژمارەی پەندی كوردی تێدا كۆكرابێتەوە...

هەروەها مامۆستا (خاڵ) بەسەدان وتاری بڵاوكردۆتەوە لە گۆڤارو ڕۆژنامە كوردییەكاندا دەربارەی زمانو ئەدەبو ڕەخنەو ئایینو تەسەوف جگە لەو بەرهەمانەی كە باسمان كردن.

ئەم بەرهەمانەشی هەیە كە ئەمانە مشتێكن لە خەرمانێك

١. فەلسەفەی ئاینی ئیسلام– ١٩٣٨
٢. تەفسیری خاڵ – جزمی یەكەم– ١٩٦٩
٣. تەفسیری خاڵ – جزمی دووەم– ١٩٧٢
٤. (مەولود نامە) – ١٩٧٢
٥. ناڵەی دەروون –١٩٧٦

جگە لەم بەرهەمانەی شێخ محەمەد خاڵ دەستنووسو چاپەمەنی دەگمەنی كتێبخانەی خۆی بڵاوكردۆتەوە، هاتووە چی دەستنووسو چاپكراوی دەگمەنی بەهاداری كتێبخانەكەی هەیە چ بەزمانی كوردیو یا

# تـــووتـــن

وڵاتەکـەمان وڵاتـی پیـتو فـەڕە، بـوومو بەرهـەمو هـەموو جـۆرە کشتوکاڵێکی تێدا دەکرێتو هەموو جۆرە دارو دەوەنێکی تێدا دەڕوێت، لەوانـەی کـە لەوڵاتەکەمانـدا لـەزۆر کۆنـەوە دەڕوێنرێـتو پـەروەردە دەکرێتو سوودی ئـابووریو بازرگـانی لێ وەردەگیرێت، تووتنـە. تـووتن سامانێکی زۆر بە نرخە بۆ وڵاتەکـەمانو بەهـەزاران جووتیـارو بازرگـانو فەرمانبەر بە کـشتوکاڵو کاروبـاری تووتنـەوە خـەریکنو ژیانیـانی پێـوە بەستراوە، بـەڵام ئەوەیـە کـە هـەتا ئێـستا بەشـێوەیەکی کۆنو دوور لـە ڕێگای زانستییەوە، ئەم بەرهەمـەیان پـێ گەیانـدووە، ئەگەرچـی بـەهۆی پێـشکەوتنی وڵاتەکەمانـەوە وردە وردە خـەریکـە چـاندنو پـەروەردەی تـووتن شـێوەیەکی زانـستیو بـاش دەگرێـت، بەتایبـەتی کـە مـیری بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی هەیە کە چـەند بـەشو لقـی لێ بۆتـەوە، بـۆ چـاودێریو پێشخـستنی چـاندنو بەرهـەم هێنـانی تـووتنو هـەروەها یارمەتی جووتیارو فەلاحەکان، لەوانەی کـە خـەریکی ئـەم ئیشەن لەبـەر ئەوە دەبینین کە بەڕێوەبەرایەتی (ئینحساری تووتن) هەمیـشە خـەریکی ئەوەیە کە باری کشتوکاڵی تووتنو کڕینو فرۆشتنیو بەکارهێنانی لـەناو وڵاتـداو بـەکارهێنانی لـە کارگـەی جگەرەکانـدا، هـەروەها فرۆشـتنی بـە دەرەوەی وڵات بەرەو باشـی دەبـاتو وای لێ بکـات کـە سـوودێکی بـاش بگەیەنێت بە هەمووان، لەبەر ئـەوەی کـە لەوڵاتەکەمانـدا، بەتایبـەتی لـە ناوچەی کوردستاندا گەلێك جۆر تووتن دەچێنرێتو پەروەردە دەکرێـتو

دێتە بەرهەم، لەم دواییەدا دەوڵەت هەموو ئەم کارخانانەو کارگانەی جگەرەی دروست دەکردو تووتنی پێویست بوو خستییە ژێر دەستی خۆیەوە، جگە لەوانەی کە خۆی لەم دووایییەدا چەند کارخانەی دامەزراند وەکو کارخانەی جگەرەی سولەیمانی.

بۆ چاندنی تووتن گەلێك هەنگاو هەیە کە جووتیارو تووتنکار دەبێت بیکا بۆ چاندنی.

لەسەرەتای مانگی مارتدا تۆو دەچێنیٚو پارێزگاری دەکات لە نەخۆشیو چۆلەکە. بە پێی دەستوورێکی تایبەتی ئاوی دەداو لەناو دێراوەکاندا دەیان ڕوێنیٚ. ئینجا کە گەیشت گەڵاکانی دەکاتەوە دەیکات بەشریتەوە بۆ ئەوەی وشك ببێت، بۆماوەی (١٢) ڕۆژ، لەبەر هەتاو دای دەنێت، ئینجا لەژوورو ساباتدا هەڵدەواسرێت، تا لەناو خەرار یا گوێنیدا دادەگیرێتو ئامادە دەبێت بۆ فرۆشتن بە بەڕێوەبەرایەتی ئینحساری تووتن، تووتن لەگەلێك وڵاتی جیهاندا دەڕوێنرێت، وەکو (تورکیا، ئێران، بولغاریا، ئەمریکا، ئوستالیا...).

| | | |
|---|---|---|
| ١٦. | تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری چۆنیەتی | ٨٢ |
| ١٧. | تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری ڕێکخستن | ٨٧ |
| ١٨. | تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری چەندیی | ٩٢ |
| ١٩. | ئەرکی هاوەڵکار لە ڕستەدا | ٩٦ |
| ٢٠. | **بەشی ئەدەب** | ٩٩ |
| ٢١. | ڕێبازە ئەدەبییەکان | ١٠٠ |
| ٢٢. | ڕۆمانتیك لە ئەدەبیاتی کوردی- کرمانجی خواروو | ١٠٨ |
| ٢٣. | ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی کوردی- شێوەی گۆران | ١١٣ |
| ٢٤. | ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی کوردی- کرمانجی ژووروو | ١٢٠ |
| ٢٥. | ئەدەبیاتی کوردی سۆفییەتی (جاران) | ١٣٠ |
| ٢٦. | جاسمێ جەلیل | ١٣٨ |
| ٢٧. | پەخشانی کوردی | ١٤٥ |
| ٢٨. | کورتە چیرۆك | ١٦٥ |
| ٢٩. | شانۆگەری | ١٦٨ |
| ٣٠. | **بەشی نموونەی ئەدەب** | ١٧٤ |
| ٣١. | سەید یاقوبی ماهیدەشتی | ١٧٥ |
| ٣٢. | عەلی حەریری | ١٨٣ |

